زەوی ژیا، بێ گوناهە بوو. هەر ئەمەش وایکرد یەکسەر بېردرێتە ئاسمان.
دەبێت لە عیسای مەسیحەوە فێربین کە تاکە لە بێ تاوانی، چۆن مەرجەکانی چوونە نێو ئاسمان بەدی بهێنین. تەنها بەم شێوەیە دەتوانین بە تەواوی ئەرێنی بین لە دەستراگەیشتن. سوپاس بۆ خوا دەتوانین لە کتێبەکەیەوە فێربین کە کتێبی پیرۆزە.

## ئامادەکاریی بۆ گەڕانەوەی عیسای مەسیح


ئایا مایەی دڵخۆشی نییە کە بتوانیت دڵنیا بیت لە کۆچکردنت بۆ شوێنێکی باشتر؟ بانگهێشت کراویت کە ببیتە هاوڵاتی شانشینی شکۆداری خودا لە ئاسماندا! بەم زووانە عیسای مەسیح دێت بۆ ئەوەی هەموومان ببات بۆ ئەو شوێنە خۆشە.
ئایا شیاوە شوێنی مرۆڤگەلێک کەوتبیت کە نازانن لە ڕۆژی دواییدا چییان بەسەر دێت؟ لەگەڵ عیسای مەسیح، پێویست بە گوومان ناکات. داوا لە خودا بکە کە ڕێبەرایەتیت بکات لەسەر ڕێگای ڕاست و دروستی عیسای مەسیح. دەتوانیت بەم شێوەیە پاڕانەوە ئەنجام بدەن:

*ئەی پەروەردگار، دڵم تامەزرۆی شوێنێکی باشترە. تکایە من و ئازیزانم لە سەختیەکانی ئەم جیهانە ڕزگار بکە. باوەڕم وایە کە کاتمان زۆر نەماوە. تکایە ڕێنماییم بکە بۆ ئەوەی بچمە ئەو شوێنە ناوازەی کە بۆت ئامادە کردووم. ئامین.*

ئەگەر حەز دەکەیت کە نووسخەیەکی دروستی ئینجیل بەدەست بهێنیت، ئەوا تکایە پەیوەندیمان پێوە بکە بە زانیاریەکانی پشتەوەی ئەم لاپەڕەیە.


وەرگێڕانی قورئانی بە کوردی لە لایەن، مامۆستا محمد مەلا ساڵح بامۆکی.

Copyright © 2023 by Sharing Hope Publications.
کارەکان دەکرێن چاپ و هاوبەشی پێ بکرێت بۆ مەبەستی نابازرگانی بەبێ مۆڵەت. ئایەتەکان لە کتێبی پیرۆز، کوردی سۆرانی ستاندارد™ وەرگیراوە. مافی چاپکردن پارێزراوە©٢٠١٦،٢٠٢٠، ١٩٩٨،٢٠١١. Biblica Inc. بە مۆڵەتی لایەنی بڵاوکار بەکار هاتووە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.



# بانگهێشتنامەیەکی کۆچکردن

خوێندنەوەی زیاتر







بۆ زانیاری زیاتر کۆدی QR سکان بکە.

عەبدولمالیک پیرە پیاوێکی ماندوو بوو. دوای لەدەستدانی ژن و منداڵەکانی، بۆ دەربازبوون لە دەستی داعش، لە عێڕاق ڕایکرد ئەو بە تەنیا لە ئوردن وەک پەنابەرێک ژیا.

بەڵام ڕۆشنایی هیوایەک هەبوو. ئەو ئامۆزایەکی هەبوو لە کەنەدا دەژیا کە پێشنیاری بۆ کرد یارمەتی بدات بۆ بەدەستهێنانی کارێک. بە دڵشادیەوە داوای ڤیزەی کرد و دەستی کرد بە خەون بینین بە ژیانێکی ئاسانترەوە. لە کۆتاییدا، دوای چەند ساڵێک لە چاوەڕوانی، ڕێگەی چوون بۆ نێو وڵاتی کەنەدای پێبەخشرا. عەبدولمالیک زۆر دڵشاد بوو.

بەڵام خۆشیەکەی تەمەنی کورت بوو. دوای گەیشتنی بە کەنەدا، بۆی دەرکەوت کە ژیانی دوای کۆچکردن ئاسان نییە. کارەکەی وای لێکردبوو کە بە درێژایی ڕۆژ لەسەر پێەکانی بوەستێت. دراوسێکانی دەنگیان بەرز بوو. گواستنەوەی گشتی ئاسان نەبوو بۆ تێگەیشتن وە زمانی ئینگلیزیش ئاسان نەبوو!

عەبدولمالیک هەمیشە خەونی ئەوە بوو کە بچێتە شوێنێکی باشتر، بەڵام کاتێک گەیشت، بۆی دەرکەوت کە دڵی هێشتا ئازاری هەیە. ئەو دەیپرسی و دەیویست بزانیت ئاخۆ شوێنێک هەیە لەم سەر زەویەدا کە بتوانێ تیایدا ئاواتەکانی بە دی بهێنێت یان دەبێت چاوەڕێی خودی بەهەشت بیت.

## کۆچکردن بۆ ئاسمان

ئایا تا وەکو ئێستا هەستێکی وەکو عەبدولمالیکت هەبووە؟ ئەم ئارەزووە بۆ شوێنێکی باشتر لە دڵی مرۆڤدا چەسپاوە و تەنیا بە چوونە ناو ئاسمان کە ماڵی ڕاستەقینەی ئێمەیە، بەدی دەهێنرێت. وە خواستێکە کە بەم زووانە دەستەبەر دەبێت! نیشانەکانی قیامەت لەبەردەم چاوماندا ڕوودەدەن وە ئەم جیهانە بە خێرایی کۆتایی دێت.

بۆ چەندین سەدە، کتێبە ئاینییەکانی جولەکەکان و مەسیحییەکان و موسڵمانان هەموویان پێشبینی کۆتایی ئەم جیهانیان کردووە، ئەم کۆتایەی کاتێک لەم جیهانەوە ”کۆچ دەکەین“ بۆ نێو جیهانێکی تر. هەر سێ ئاینەکە ئاماژە بە کەسایەتی مەسیح دەکەن کە بەرپرسیار دەبێت لە لوتکەی ئەم ڕووداوە کۆتاییانە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم مەسیحە لە ئاینی مەسیحیەت و ئیسلامدا کەسیکی تر نییە جگە لە عیسای مەسیح. ئەو کاتەی لە فەلەستین ژیاوە مەسیح بووە، بەڵام لە ٢٠٠٠ ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا لە ئاسمان دەژیت. ئەو دواجار لە ڕۆژی قیامەتدا دەگەڕێتەوە.

گەڕانەوەی عیسای مەسیح بە شێوەیەکی بەرچاو لە کتێبی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام موسوڵمانانیش باوەڕیان وایە کە مەسیح دەگەڕێتەوە، چونکە لە قورئاندا هاتووە: ”بەڕاستی لە دایکبوونی عیسا، بەبێ باوك، بەڵگەیە لەسەر قیامەت، کەواتە بەگومان مەبن لێی و باوەڕی پێبهێنن و پێیان بڵێ: هەر پەیڕەوی لە زاتی

## بانگهێشت کراویت کە ببیتە هاوڵاتی شانشینی شکۆداری خودا لە ئاسماندا!

من بکەن، هەر ئەوەشە ڕێگەی ڕاست و دروست“ (الزخرف٤٣:٦١).

هەروەک چۆن ئەفسەری کۆچبەری ڕێنمایی گرنگ دەدات لەسەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی ڤیزا، عیسا مەسیح بانگهێشتمان دەکات کە گرنگی بە نیشانەکەی بدەین بۆ ئەوەی ڕێگای ڕاست بۆ ئاسمان بزانین.

## ئایا عیسا فەرموویەتی ئاسمان چۆنە؟

لە ئینجیلی پیرۆزدا هاتووە کە عیسا دەفەرموێت: ”من دەچم تاکو شوێنتان بۆ ئامادە بکەم. جا کە ڕۆیشتم و شوێنم بۆ ئامادەکردن، دێمەوە و دەتانبەمە لای خۆم، تاکو ئێوەش لەو شوێنە بن کە من لێی دەبم“ (ئینجیلی یۆحەنا ١٤: ٢-٣). عیسای مەسیح دەفەرمووێت کە دەتوانێت بمانبات بۆ ئاسمان!

هەروەها چەند وردەکارییەکی دلبەری ئەو شوێنەکەی ئاشکرا کرد. ئەو فەرموویەتی کە:

- ئیتر مردن نابێت، شیوەن و هاوار و ئازار نامێنن (ئاشکراکردن ٢١: ٤).
- ئێمە ماڵی جوانمان دەبێت (یۆحەنا١٤:٢).
- ژن و پیاو کەرامەت و مافی یەکسانیان دەبێت (گەلاتیا ٣: ٢٨).
- پڕە لە ڕووناکی و ڕاستودروستی و دڵخۆشی (ئاشکراکردن ٢١: ٢١- ٢٥).

بەڕاستی ئەمە ئەو شوێنەیە کە دڵمان بۆی تامەزرۆیە!

## بۆچی عیسای مەسیح بۆ جاری دووەم دەگەڕێتەوە؟

بەڵام خودا چەندین پێغەمبەر و نێردراوی پیرۆزی ناردووە. بۆچی تەنها عیسای مەسیح هەڵبژێردراوە کە جاری دووەم بگەڕێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە هەمان نموونەی کۆچ کردنەکە ئاسانە. چونکە وەرگرتنی ڤیزە ئاسان نییە، زۆر کەس پارێزەری کۆچبەری بەکرێ دەگرن، کە ڕێگاکە دەزانێت. ئەگەر ڕێبەرێکمان هەبێت، دەتوانین متمانەمان پێی هەبێت کە یارمەتیمان بدات.

بە هەمان شێوە عیسای مەسیح تاکە کەسە کە بۆ جاری دووەم دەردەکەوێت چونکە ڕێگای ئاسمان دەزانێت و دەتوانێت بەرەو ئەوێ بمانبات. ئەو خۆی فەرموویەتی، ”منم ڕێگا و ڕاستی و ژیان“ (یۆحەنا ١٤:٦).

هەموو ئەو پێغەمبەر و نێردراوانەی کە خودا ناردونی هەڵەیان کردووە وە پێویست بووە کە داوای لێخۆشبوون بکەن. بەڵام عیسای مەسیح هەڵەی نەکردووە. ئەو لە ماوەی ئەو ٣٣ ساڵەی کە لەسەر